
وورچە جگەرەکێشەکە
چوولەکە: ئەی هاوار!
بۆ کوێ بچین لەدەست
ئەم وورچە رزگار مانبێت
لە دارستانێکی جوان و
دوور لە دەستی مرۆڤ،
کۆمەڵێك گیانەوەر بە
خۆشی و شادی بە یەکەوە
دەژیان، تەنها وورچێك بە
هۆی جگەرەکێشانیەوە
ژیانی لەوان ناخۆش
کر دبوو.
دەچووە لای مام ڕێوی
ڕێوی: ئح...ئح...ئح.. زوو
لێرە برۆ، دۆکەڵەکەت
خەریکە دەمخنکێنێت!
دەچووە لای ئاسك
ئاسك: دیسان وورچی
بۆگەن هاتیت و جگەرەت
بەدەمەوەیە!
سمۆرەش
لەسەر دارێك بەدەم
کۆخەوە دەیگۆت:
لاناچی لەم دارستانە
جێگەت نەبووەتەوە،
هاتیتە بەر لوتم!


رۆژێك لە ژێر دارێکی
ژێری پڕ لە پووش و پەلاش،
جگەرەکەی فرێ دا و
پووشەکە گڕ گرتی و ئاگر
بەربووە دارستانەکەو ماڵ و
هێلانەی زۆر لە
گیانەوەرەکان سووتا.
بینیت چێت پێکردین؟!..
ئیتر جێگەت لەم دارستانە
نابێتەوەو هەستەو لێرە
بارکە!
داوای لێبوردنتان
لێ دەکەم!
پەیمانتان دەدەمێ ئیتر
جگەرە نەکێشم
گشت گیانەوەرەکان
وورچەکەیان
بەخشی.